# هەڵبژاردنی نوێ و دیواری دێگەڵە

پارێزەر رفعت هەڵەبجەیی/ سوید
rafathallbjaey@hotmail.com

ووتەیەکی سیاسی عەرەبی هەیە دەڵێ (الثورة تاكل ابناءها) بەمانا (شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات).

ئەو ووتە سیاسی یە دەقاودەق بەسەر شۆڕشی گەلی کورددا چەسپاوە.
ئەگەر بەدڕەوشتی ئافرەت لە لەش فرۆشیدا بێت. بەبۆچوونی من بەدڕەوشتی سەرانی سیاسی، بازرگانی کردنە بە خوێنی شەهیدان و خەباتی ملیۆنەها تاکی کورد.
دەسەڵاتی کوردی کە پێک هاتووە لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، نزیکەی چواردە ساڵە دەهۆڵی دیموکراتی بوونی کۆمەڵگای کوردی دەکوتن و هیوای ئەوە دەخوازن کە بەشە عەرەبەکەی عێراقیش چاو لەمان بکات لە دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاکەیان.
ئەوە بێجگە لەوەی کە ووتنێکە دوور لە واقیع و ڕاستیەوە لەلایەکی تریشەوە چەواشە کردنی جەماوەرە و گاڵتەجاڕیشە بەووشەی پیرۆزی دیموکراتی.
ئەگینا ئەوەی کە تەنیا لە کوردستاندا نیە، خەیاڵێکی سەرابی یە دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنیە.
لەووتارێکمدا جەماوەری کوردم بە دەروێش و ڕۆشنبیرانم بەچاش قەڵەم ناو بردن.
ئەوە تەنیا ووتەیەک نەبوو کە بە هەڕەمەکی لە زمانی منەوە دەرچێت، بەڵکو ئەوە واقعێکی تاڵە و هەموو کوردێکی دڵسۆز و خاوەن ویژدان دەرکی پێ دەکات.
ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی و کۆمەلایەتی جەماوەری کورد بەڕادەیەک نزم و لەخوارەوەیە. تەنانەت بە ئەرک و مافەکانی خۆی ئاشنانیەو مانای مافی هاوولاتی بوون هێشتا نازانێ چیە.
ئەمەش گوناەو تاوانێک نیە تەنیا لە ئەستۆی گەل و جەماوەردا بێت بەڵکو تاوانبارو ئۆباڵ هەڵگری ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆدەسەڵاتی کوردی.
چونکە میللەتی هەژاری کورد لەنیو سەدە زیاترە خەریکی خەبات و تێکۆشانە وەئەوەی کە مرۆڤایەتی قێزی لێ دەکاتەوە لە زوڵم و ستەم کوشتن و برین و ئەنفال و کیمیاباران لەلایەن دوژمنەکانیەوە بەسەریدا هاتووە. کاتێکیش کە دوژمنە سەرسەختەی ڕزگاری بوو، دکتاتۆرە خۆماڵیەکان جارێکی تر هەمان زوڵم و ستەمیان لێ کرد، بەڵام بەشێوەکی تر، چونکە بەڕای من ئەو شتە کە دکتاتۆرەکانی دونیا لەیەک جیا دەکاتەوە شێوازی چەوسانەوەیە نەک ناوەرۆک. بۆیە بە بۆچوونی من ئازادی شەڕی ناوخۆ هیچی کەمتر نەبوو لە کرداری ئەنفالی بەعسیەکان. بوونی دوو دەسەڵات و دیواری دێگەڵە و دزینی قووتی جەماوەر ئازاری کەمتر نیە لە کیمیا بارانی هەڵەبجە.
دوای تێپەربوونی نیو سەدە زیاتر بەسەر درست بوونی دیواری بەرلین و دابەش کردنی ئەڵمانیا بۆ ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، دانیشتوانی بەرلینی ڕۆژهەلات و بەرلینی ڕۆژئاوا توانیان بەئیرادەی پۆلایینیان و بەدڵسۆزی سەرانی هەردوو ئەڵمانیا دیواری بەرلینیان ڕووخاندوو هەردوو ئەڵمانیایان یەک پێ گرتەوە.
کەچی سەرانی کورد لەسەر دەمی (عولمە) جیهانگیریدا دوور لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی سیاسی و کۆمەلایەتی بەبێ هیچ گوێ دان بە ئیرادەی میللەت و جەماوەری خۆیان دیواری دێگەڵەیان دروست کردووەو کورد و کوردستانیان دابەش کردووە. ئەگەر بێت و پێناسەیەکی واقعی سیاسیانەی ئەمڕۆی کوردستان بکەین.

بێجگە لە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرانێکی خۆسەپێن و کۆمەڵگایەکی حیزبی و جماوەرێکی دەروێشی بێ ئاگا و رۆشنبیرانێکی ویژدان مردوو و کاسە لێس و ژێرخانێکی داتە پیو کوردستان چ پێناسەیەکی تر هەڵدەگرێت؟

بەشە عەرەبەکەی عێراق ئەوە دوو ساڵە رزگاریان بوو لە رژێمی بەعس، ئەوە دووجار هەڵبژاردنیان کردو دووسەرەک وەزیرانیان گۆڕی و چەندین وە زیر جێگر وەزیریان لابردوو زیاتر لەوەش ڕەوانەی دادگاییان کردن لەوانە (حازم الشعلان) وەزیری بەرگری پێشوو.
کەچی زۆر بێ شەرمانە سەرانی کورد لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکانیاندا دەڵێن هۆی یەکنەگرتنەوەی هەر دوو ئیدارە هۆیەکی تەکنیکیە چونکە ئەوان کۆمەڵێک وەزیرو جێگر وەزیریان هەیە و بەبێ ئیش و کار ئەمێننەوەو نازانن چیان لێ بکەن.
بەڕای من هەر چەند خۆی لە خۆیدا ئەمە هۆکاری ڕاستەقینە نیە و درۆیەکی زەقە. خۆ ئەگەر ڕاستیش بێت ئەوە جێگەی پێکەنین و گاڵتە جاڕیە، چونکە ئەو ووتەبە بێجگە لەوەی کە پێچەوانەی ژیری و مەنتیقە، گاڵتە کردنە بە ئیرادەی جەماوەری کوردو بێ بەرنامەیی و بێ ستراتیژی هەردوو حزب دەسەڵاتدار دەردەخات.
ئەوەندەی نەماوە هەڵبژاردنی نوێ دەست پێ بکاتەوە، کەچی هێشتا دیواری دێگەڵە هەرەکو خۆیەتی و ئیدارە نەکراوە بەیەک، گەندەڵیەکان رۆژبەرۆژ لەزیاد بووندان.
بەڵام ئەوەی کەمایەی خۆشحاڵیەو دڵخۆشکەرە ئەوەیە لەسایەی جیهانگیریەوە وا خەریکە شنەبای دیموکراتی هەموو جیهانی گرتۆتەوەو هەموو سیستەمە دیکتاتۆرەکانی دونیا و ناوەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێگەی دەسەڵاتیان لەق بووە. جا بۆیە ئەو دوو حیزبە بەناچاری دەبێت خۆیان ریفۆرم بکەن و تەسلیمی ئێرادەی گەل و جەماوەربن.
چونکە وەک پێشینان ووتویان بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێ، بورکانی ڕق و کینی جەماوەر هەکا بەڕووی دەسەڵاتدا تەقی یەوە ئەوسا دەسەڵاتی کوردی دەبێت بەناچاری و بەپەلە ڕیفۆرم بکات و بەویست و خواستی جەماوە، گەندەڵیەکان چارەسەر بکات نەوەک بە ویست و خواستی حیزبایەتی خۆیان کە 14 ساڵی ڕەبەقە بەردەوامن لەسەری.
ئەوەی جێگەی ئومێدو گەشبینی یە. ئەوەیە کە لەسایەی جیهانگیری و شنەبای دیموکراتی دا کە هەموو دنیای گرتۆتەوە و عەرشی هەموو سیستەمە دکتاتۆریەکانی دونیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەق کردووەو تەنگی پێ هەڵچنیون بەرەو لە ناچوون دەرۆن.
لەسەر ئاستی کوردستانیش ئەوەتا جەماوەر رۆژبەرۆژ هوشیار و چاو کراوەتر دەبێت، ڕێپیوانەکانی جەماوەری کەلار وئاکرێ و قوتابیانی زانکۆی سلێمانی و دهۆک سپێدەو نۆبەرەی ئەو گۆڕانکاری و چاوکراوەیی و هوشیاریەی جەماوەرە. لەئاستی حزبە کوردیەکانیشدا وا خەریکە سیستەمی ڕازی کردن و چەواشەکردنیان لەئاست گەندەڵیەکانیان بەسەر ئەچێ. ئەوەتا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەنگاوێکی ئازاو بوێرانەدا بڕیاری داوە کە بەلیستی جیاواز بچێتە هەڵبژاردنی داهاتووەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە مافێکی سروشتی و دیموکراتی خۆیانە، زەنگێکە بۆ دوو حزبی گەندەڵ کە چیترگوێ ڕایەڵ و بێ دەنگ نابن لە ئاست گەندەڵیەکانیان وماف و دەسکەوتەکانی گەل و جەماوەری کورد فەرامۆش ناکەن. بۆیە من داوا لە هەموو حزبە کوردستانیەکان دەکەم کە هەمان هەڵوێستی یەکگرتوویان بێت و لە ئاست گەندەڵیەکانی دەسەڵاتی کوردیدا بێ دەنگ نەبن و ئازایانە و ئازادانە داوای مافەکانی جەماوەر بکەن.